## کۆتـای بەسەرهاتی بەشی یەکەم و درامای ( شیعر بازەکان )

# خەوبینین بەشاعیرانی ئەم حەلەوە

### پێشکەشە بەهەردوو شاعیر

### زاناسمان **هێمن حمە جزا

**دیار محەمەد**

شەو نخونی بە ئیلهامی شیعرەوە

پاشکۆی ڕابەرێکی هەراسان دادەگیرسێنێت لەمن

نەزانی بەرگی شیعرێکم و پیاچونەوەی بە قاتێکی کەشخەوە بۆ پاسەیەك تا وونی کەم  لەکچە قرەجێك

چ بێ ئابڕوویەکە

نامەویت بەگژ ڕۆحیانەتی شیعردا بچم فەلەك ..

تا لەپارویەکی نسرمدا قەپ لەسۆراخ بون بگرێ

بەخەیاڵێکی پڕئەندێشەوە ..

گریمان شیعر لە شەیتانێکی نێرەموك لە دایك بو بو

لاپەڕەی یەکی بەبێ ژمارە با بردی و

ژنێك لەتلانەوەدا لە خۆی و ئێوارە نەگەڕانەوەی ساحرێکی پێچا و لەڕوباری خۆزگەکانی و جۆگەی بەردەم دراوسێیەکیدا هەڵیخست .

*لاپەڕەی دووی بە مۆری عوسمانیەوە کەوتە  بەردەستی سەرخۆشێك ..

تا توانی لێی وورد بووە وفرمێسکی ڕەنگاو ڕەنگی پیا هەڵپژاند

تا زەوقو شەوقی مەستی لە پەلو پۆ کەوت..

٭ کە عیسا هات

بە یارمەتی وپاڕنەوە چیرۆکیان  لەڕوخساری سپی نوسی و لاپەرە  گەڵاکانی بەزووی لە ئاوی خواوەندا خنکاو لەبیرو هۆشی پیرەکانیشدا سڕایەوە

جاهیلەکان چیرۆکیان پارچە پارچە کرد و

زیندە بەچاڵیان کرد

دوای ڕۆحیانەتی ئاوی چیرۆك

قەسیدەیەکیان خستە مەزادی ئێوارەوە و

ڕێبواران لەباتی شەراب نۆشیان دەکرد

لەژێر چادری چاوەڕوانیدا دەرخواردی سەروپێچکەکانیان دەدا

بە پێخاوسی گوێچکەیان لێکردەوە  تا لەژنۆیاخست ناڵاندی

ورده ورده بەرەو گۆڕستان ملی نا و نەهاتەوە ..

ژنە ڕبوار هێندە لەخوای پاڕایەوە

تارۆمانێکی ڕەشتاڵەی پێ بەخشی

لەئەجەلەوە بالأیەکی هێند درێژ و پێیەکانی پان دەیڕوانی

بەمەتۆلکەی ..

کەچی واش نەبوو تابیێتە ئەو دێوە زمەیئەو  سەردەمە  تا

مندالأن لەخۆی کۆبکاتەوە

لەبەر ئاگردانی پایزێکدا و

نیوە چایەکیان بۆ تێك بدات و

دەرخواردی ئەو زاتانەی بدەن..

ئەو دەمەش خەرمان  بەتەواوی هەڵگیرابو

لێویان لیکی لێ ئەتکا بۆ دێڕیك و کوپێك چای

شەوەکان بەتەواوی گوزەریان کردو ڕێبواران کۆڵەکانیان پێچایەوەو بەرەو گەشتێکی ڕۆمانسی بەڕکەوتن

منداڵەکانیش ڕاکە ڕاکەیان  بوو بەملاولای شەقامی شیعردا

لەپڕ منداڵ لەچاڵی شیعر نقوم بوو

بە گریانی ئەو داخەوە تاسەر ئەژنۆی  شیعر و پەخشان و

ڕۆمانێکی سپی سپی و قەسیدەیەکی بالأ کەسك پیای هە ڵپاژا  دایە بابەش پەنجەیەکیان ڕانەکێشا و لەئازاری ئەو کەتنەی لە جاتی بێت ...ئەوەی لەتوانایاندابوو تاك دارشەقێکی شکاوی  نیوە قیمەت بوو بۆیکڕی  هەتا ئێاش لەژێرباڵی چەپی دایەو ڕایدەکێشێ

تا ناویان لێنا دێوانە

یاخود .........................

یان شەڕلە پێناوی وشەی ئەفسونایدو جارێکی تر لەدایك بێ و هەربەمە تۆلکەی پێ بگرێ..

29/8/2007